لەهەولێر بەنگلادیشێک دەستگیرکرا کە گرتەی ئەشکەنجەدانی بە خەزانی ناردبوو



پۆلیسی هەولێر رایگەیاندووە، دوای ئەوەی هەواڵمان پێگەیشت سەبارەت بە ڤیدیۆکەی بەنگلادیشی لە شاری هەولێر، دەستبەجێ تیمەکانمان لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد، لێئنجامدا بەمان دەرکەوت کە ئەم سیناریۆیە خەیان بووە، بەوەی کە یەکێک لەو هاوواتیە بەنگلادیشیانە داوای لە خەزانەکەی کردووە بڕی (12 هەزار دۆلار)ـی بە بنەرەتەوە بە دانەوەی قەرز بە هاوڕێکانی، بەڵام خەزانەکەی ڕازی نەبووە، بۆیە ئەویش هەڵساوە بە دانانی سیناریۆیەک و لەگەڵ هاوڕێیەکیدا گرتەیەکی ڤیدیۆیی ساختەی تۆمار کردووە کە گوایە ئەشکەنجە دەدرێت و بەبارمتە گیراوە.

پۆلیسی هەولێر ئەم دووشەمەیە ڕاشیگەیاندووە، ئەو کەسە گرتەکەشی ناردووە بە خەزانەکەی بۆئەوەی داوا بکەن لەو کەسەی کە بەبارمتەیان گرتووە، تا بڕی پارەکە نەنێرن، ئازاد ناکرێت و دوای لێکۆڵینەوەکان، بەمان دەرکەوت کە ئەم سیناریۆیە، بۆیە لێئستادا خۆی و هاوڕێکانی بە بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوە و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر دەستگیر کراون و دراونەتە دادگا.